# بانگەوازێك بۆ بنەماڵە و هاوڕێیانی شەهیدانی زیندان



دووشەممە 11.3.2013

**دەرسیم دیبەگەیی**
Darsim2012@hotmail.com

بنەماڵە و هاوڕێیانی شەهیدانی زیندان ....

ماوەی دوو ساڵێک دەبێت یاداشتەکانی زیندانم لەژێر ناوی (ئازارە نەبینراوەکان) نووسیوەو ئامادەیە بۆ چاپ، بەڵام لە کۆتایی یاداشتەکەدا لیستێکم دروستکردووە کە ناوی زۆرتر لە (٢٥٠٠) شەهیدی زیندان (لە سێدارە دراو، گوللە باران کراو و شەهیدانی ژێر ئەشکەنجە)م بەگوێرەی ڕیزبەندی پیتەکان لە (أ – ی) کۆکردۆتەوە، وەلێ دەمەوێت هەم ناوی زۆرترین شەهیدانی زیندان تۆمار بکەم و هەم چەندی بکرێت لیستەکە دوور بێت لە هەڵەو کەموکوڕی. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستیم بە هاوکاری و زانیاری دروستی ئێوەی بەڕێزە لەسەر شەهیدانی زیندان، جا داواکارم لە بنەماڵە و هاوڕێیانی شەهیدەکان هاوکارم بن و لە ڕێگای ئیمێڵەکەمەوە یان فەیسبووک زانیارییەکانم بۆ بنێرن. پێشەکی سوپاسی هاوکاری هەموو لایەکتان دەکەم و ئەو زانیاریيانەی کە پێویستن بۆم ئەمانەی خوارەوەن:

1. ناوی چوارینی شەهید و نازناو یان ناوی نهێنی.
2. شوێن و ساڵی لە دایکبوونی شەهید.
3. ڕۆژی دەستگیرکردن، ڕۆژی دادگاییکردن و ڕۆژی شەهیدکردن.
4. هۆکاری دەستگیرکردن و شەهیدکردنی (سەر بە چ لایەنێکی سیاسی بووە).

Darsim2012@hotmail.com
http://www.facebook.com/DersimDibegeyi